# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

## (کۆڕەوی گەلێگ) ٢

هێشتا دونیا تەم و مژ بوو، نمەنمە باران دەباری، بەوەدا کە لەملاو ئەولای ڕێگاکەوە باراناو گۆلاوی بەستبوو، دیارە شەوێ بارانێکی باش باریبوو، بەرە بەرە لەئاسۆ هەرە دوورەکانەوە سپێدەی دابوو، کێوەکان یەك بەدوای یەکدا هەتا لە ئێمە نزیك دەبوویەوە، سێبەرێکی خۆڵەمێشی خەستتری دەنواند، گزنگ لەسەر دارودرەختەکان جێی خۆی کردەوەو لە تەك چاواندا چاوە چاویان بوو. گەڵاکانی زیوڕەنگ کردبوو، هەر دەتگوت گوارەی گوێی گەردن بەرزانێکە، تەم شووشەی پەنجەرەکانی تەڵخ دەکردو، کاتێ درزێکمان تێدەخست، سۆزەی بەیانە سروەکە ئەوی دەسڕییەوە ئێمەشی دەبووژاندەوە.

: ئەرێ بەرەو کوێ دەچین؟

: ئەم ڕێگایەی شارباژێر، ڕاستەوخۆ دەمباتەوە سەر پێنجوین، بەڵام جارێ زۆری ماوە.

ڕێگاکە زۆری خایاند، چەند جارێك پاسەکە پەکی دەکەوت و بە پاڵ دەمانخستەوە کار. دەمەو ئێوارە گەیشتینە (ناڵپارێز) لە ناو قەدی هەورازەکەوە بەدوادا هاتە خوارەوەو هێندەی نەمابوو بکەوێتە ناو چەمەکەوە کە هەرچۆن ڕووبارێکی بەخوڕی لێهاتبوو، خوا کردی تاوێرە بەردێ ڕاگیری کرد، ئیدی پێویستی دەکرد ڕاکێشرێتە سەرەوە، دوو سێ لۆری ڕاوەستابوون، چوون داوایان لێکردن فریامان کەون و بە لۆرییەکەیان پاسەکەمان بۆ ڕاکێشنە سەرەوە، وەرامیان نەدایەوە، ناچار (کاك سەردار)ی برام دەستیدایە بڕنەوەکەی من و هاواری لێکردن: ئەمڕۆ کاتی یارمەتییە، بەڵام دیارە ئێوە کورد نین. ئیدی ملی تفەنگی لێڕاکێشان، ئەوسا ناچارمان هاتن بەلامانەوە. بە هەر شەڕەشەقێ بووبێ گەیشتینە شاری پێنجوین، بێگومان جارانی شار، چونکە ئەویش وەك هەزاران شوێنی دیکەی کوردستان خاپوورکرابوو، کات چێشتهەنگاوبوو، بە درێژای ئەو ڕێگایەی دەچووە سەر مەرزی بانە خەڵکەکە بڵاوببوونەوە، ئاگری چالێنانیان بە چیلکە و چەواڵ کردبوویەوە، ئێمەش وەك ئەو خەڵکە لاماندابوو، خاڵۆژنە (حەفسە)م نانی تیری گەرم و گوڕی بۆ ئامادە کردین و بە چای شیرینەوە خواردمان. لەگەڵ کاك (بەختیار سیامەنسووری) کەمێك بەناو خەڵکەکەدا گەڕاین و چەندین دۆست و برادەرانمان بینی. کەوتینەوە ڕێ، کاتێ گەیشتینە نزیکی مەرزەکەی بانە، تاریکی کردو بارانیش کەوتەوە لێزمەو تۆفی کرد. ئەو شەوەمان لە ناو پاسەکە بەسەربرد، ئیدی بۆ ڕۆژی دوایی لەیەکدی دابڕبووین، ژمارەیەك لە ئەفسەرەکان بە پاسەکەوە چوونە سەر مەرز، گوایە ئاسانکارییان بۆ دەکەن، ماڵی خوشکەکەشمیان تیادابوو، کاك(بەهادین)ی زاوام، لەو ئەفسەرانە بوو، کە کاتی خۆی لە بارەگای لقی (بەعس) کۆی کردنەوەو پێی گوتن ئەوەی نابێتە بەعسی با هەستێتە سەرپێ و دەبێ چاك بزانی کە دەبێ بە ئاکامەکەی قایل بێ، یەکەم کەس هەستاو گوتی نابمە بەعسی، ئەو ئەفسەر کوردە بوو، وابزانم تەنیا بوو.



دیاربوو بە هەمان پاس بردبوونیانە (سنە)و لە (میهمان سەرای) بەماڵ و منداڵەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ دەربەدەر بوون، پاش ئەوەی کەوتمە سۆراغیان چارەنووسیانم زانی و لە نووسینگەی پارتی لە شاری (بانە) لای هەڤاڵ (دکتۆر جەمال) بروسکەیەکم لە بارەیانەوە ئاراستەی جەنابی سەرۆك بارزانی کرد.

ماوەیەك لەسەر مەرزەکە ماینەوە، بە نایلۆن کەپرێکمان دروستکرد، ئەو چەند شەوە لە سەرماو سۆڵەو شەستەباران پاراستینی. ئەو شوێنە پڕبوو لە ڕەوە بەراز، بە ڕۆژ شوێن لمۆزو شفرەیان دیاربوو کە ڕەگی ڕووەکانیان خواردبوو، ئەو ماوەیەمان بە شەڕەشەق گوزەران، خەڵکەکەش بە لێشاو خۆیان بەو دیودا دەکرد، ئێمەش ناچارماین، باڵندەیەکی (کەناری)مان بە قەفەزێکی جوانەوە لەلا دانرابوو، گیرمان خواردبوو پێوەی، خاڵۆزاکەم وتی: ئەڵێی چی، ئەم باڵندەیە بدەم بەو ئەفسەرە، بەڵکو ڕاییمان بکات؟

: زۆر چاکە، پێشی بڵێ، ئەمە لە(ڕۆمانیا)وە هێنراوەو لەو جۆرەیە کە پێی دەڵێن مامۆستا، کە حەڤدە جۆر ئاواز دەخوێنێ. پێی وت و ئیدی کارەکەمان مەیسەر بوو، خراینە پشتە پیکابێکی سەربازییەوەو خۆشمان نازانین بەرەو کوێ سورار بووین، ئەوە بارانیش بە باوە کارێکمان پێدەکات هەر مەپرسە. نزیکەی سەعاتێ ڕۆیشتین و تاریکی کردبوو، کردینی بە ئۆردوگایەکی سەربازیداو وێرانەیەك بوو، بارانەکە بوو بە بەفرو کلۆ کلۆ بەسەرمانەوە دەنیشتەوە، تیادا مابووین چی لە منداڵە ساواکانمان بکەین، هەمووشیان تووشی سکچوون ببوون، وەك شێت دەهاتم و دەچووم، بڕوا بکەن حەسوودیم بەوانە دەبرد کە هەرنەبێ پارچە نایلۆنێکیان پەیداکردووەو بەسەریاندا داوە، لەم گێژاو و سەرلێشێواویەدا بووم، یەکێ بانگی کردم: کاك ئەحمەد سالار، ئەوە خێرە بۆ وا شپرزە بوویت؟ بەرەو کابراکە چووم، لەبەر تاریکی بەفر بارینەکە جوان نەمدەناسییەوە.

: کاکە گیان لێمان قەوماوە، منداڵی ساواو شیرەخۆرمان پێیە.

: هیچ خەم مەخۆ، فەرموو بیانهێنە، هێنامان و دوای ئەو فریادە کەوتین، بردینیە لای پیکابێك کە بە چادر داپۆشرابوو، لای پشتەوەی بۆ لادابن، ناوەکەی بە فەرش داخرابوو، هەمووان سەرکەوتین، بەڵام جێگای من و بەختیار نەدەبوویەوە. وتمان گرنگ ئەوانن. پاشان ئەو بەڕێزە چوو پشتی قەمەرەیەکی

# ئەحمەد سالار

## تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

هەڵدایەو دەستەوارەیە نانی تیری بۆ هێنانین. ئەگەر زەینم سەرم لێنەشێوێنێ، ئەو جوانمەردە ناوی (شێخ عومەر) بوو، جارێك بینیمەوە (مفەوز)بوو، شۆفێری بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بوو، خودا چاکەی ئەو چاکەکارییەی بداتەوە. بەفرو سەرماکە تەنگی پێهەڵچنین و رووومان کردە ئاگرێك، تایەی لۆری بوو ئاگریان تێبەردابوو بەچیچکانەوە وەك ئەو خەڵکە بە دیار ئاگرەکەوە دانیشتین، جاروباریش پشتمان تێدەکرد، دیاربوو کاکە بەختیار خەوێکی قورس دایگرتبوو، سەری نایە سینگمەوە و خەوت، تاونا تاوێ تینی ئاگرەکە زەینی لێدەسەند و رادەچڵەکی و کەرویشکەخەوی بۆ دەکردەوە، شەومان بردەسەر، کاتێ دونیا رووناك بوویەوە، ببوو بە قولەڕەش، ئەویش لەمنی دەڕوانی و بزە دەیگرت، تومەس منیش بەهەمان مەرە چوومە، خۆمان گەیاندە شێراوێك (ئەوان وایان بە بەلۆعە دەگوت). سابوون نەبوو، بە قوڕ دەموچاو و دەست و پلمان پاك کردەوە، یان سپی کردەوە، تەنیا ددانەکانمان سپی دەچووەوە. لەناو ئۆردوگاکەدا، بنکەیەکی تەندروستی سەربازی هەبوو، کاکە بەخە وتی: بۆ نەچین بە ناوی منداڵەکانەوە داوای دەرمانی کۆخە بکەین.

: فەرموو با بچین.خۆمان کرد بە بنکەکەدا، کاك بەختیار، چ تورکیی ئازەری و چ فارسییەکەی یەکاویەك بوو، کەوتە قسە، ئاوڕێکی لێدامەوە.

: لەسەرمێزەکەی تۆپەڵێ خورمای خەستەوی هەیە، بیبەین، یان داوای لێبکەین؟ ئەوە منداڵەکان تێردەکات، ئەگەر یەکێ دوو خورماشیان بەرکەوێ. هەر نەبێ بەری دڵیان دەگرێ، داوای کردو کابراش خستییە سەر کاغەزێك و دایێ.

سەیرمان کرد فڕکان فڕکانی خەڵکەکە بوو چەند پاسێکیشیان راگرتبوو، خاڵۆزاکەم رووی کردبووە بەرپرسەکەو وتبووی: خێرتان دەگات ئەوە منداڵەکانی ئەحمەد سالار زۆر نەخۆشن، بەڵکە یارمەتی بدەن.

کابراکە گوێی لە ناوی من دەبێ، دەستی خاڵۆزاکەم دەگرێ و دەڵێ پیشانمدە.

کابرای هێنا یەکترمان ناسی، کاك عەبدوڵڵای کوڕی خوالێخۆشبوو (عەبدولقادری دەباغ) بوو کە بەری ماوەیەك هاوسەرەکەی لە (سەقز)ـەوە هاتبوو، ئێمە میوانداریمان کردبوو، ئەو پیاوە ماریفەت و چاکەی نواندو ویستی بمانخاتە نێو ئەو پاسانەوە، بەڵام هەڵپەو لێشاوی خەڵکەکە رێگای نەدەدا، هەتا ئەو دەیویست لە دەرگاوە سەرمان بخات، لە پەنجەرەکانەوە سیخناخیان دەکردو گەلێك پێمانەوە ماندووبوون، ناچار ما تانکەرێکی ئاوی بردبوو، ئەوەی باش بوو جووت کابینە بوو، هەموانمانی سەرخست و من کاکە بەختیاریش سەرکەوتینە سەر تانکەرەکەو خۆمان بە قەپاغەکەی سەریەوە گرت و جامانەکەم لەسەر و گوێلاکم شەتەك دا، کەوتەڕێ و لە بەدبەختی ئێمە بە بارانەوە نەوەستا، کردیە تەرزە و زیادەڕوویی نییە گەر بڵێم هەر دانەیەکی هێندەی چەقالەیەك دەبوو، جگە لەو تۆپەڵە قوڕانەی تایەکانی دواوەی هەڵیدەدایە سەرێ و ئێمەی پێ سواغ دەدا، کاك عەبدوڵڵای دەباغ وتی: کاکە لە بانە کێ دەناسی؟

: هەیە بنەماڵەی حەمە رەشید خان نەناسێ؟ ماڵی جەنابی مەجید خان.

: جارێ لە پێشا دەتانبەمە ماڵی (جەلال بەگی بەهرامی).

: خۆت دەزانی ماڵت ئاوا بێ.

گەیشتینە بانەو کردینی بە کۆڵانێکی بەربڵاوداو لەبەردەم دەرگایەکی دووتاکی دا کە بە سێ پلیکانە بۆی سەردەکەوتی، خانووەکە بە بەرد دروستکرابوو لە دەرگامان دا، کوڕێ گەنج دەرگای کردەوە، دیار بوو منی نەدەناسییەوە، سەیرێکی سەرو فەساڵی قوڕاوی و شێواو و ریشی هاتوومی کرد، وتم با خۆمی پێ بناسێنم.

: کاکە من ئەحمەد سالارم و کاك عەبدوڵڵا ماڵی ئێوەی بۆ هەڵداین.

کوڕەکە کاك (ئەکرەم بەگی) ناو بوو لە ئەنجومەنی ئەدیبانی شارەکە بوو، نەجابەتی خۆی نواندو ویستی دەستم ماچ بکات، منیش هێندە قوڕاوی بووم نەمئەوێرا زۆر باوەشی پێداکەم.

زۆر بەڕێزەوە بردینیە ژوورەوەو ژن و منداڵەکانی بۆ بەشی (حەرەم) بردو من و بەختیار و ئازادی خاڵۆزام بۆ دیوەخانە و سەروپۆشاکو رووی دیوەخانەی پێوە نەبوو.

: قوربان ئەگەر بفەرموون لەو دەستشۆرە کەمێك خۆم خاوێن بکەمەوە.

دیوەخانێکی پۆشتە و پەرداخ بە مافووری ئێرانی رازاوەو دۆشەك داخرا بوو بە پاڵپشتی مافوورییەوە، خێرا رێزە دیژلەمە هات، کاتەکە دەمەو ئێوارە بوو، پرسی: برسیتان نییە؟

کاکە بەخە یەکسەر: ئەرێ وەڵڵا برسیمانە و چەند رۆژە زاد بە زارمان نەکەوتووە.

خێرا بە سینی ماستی تۆراغ و پەنیر و نانی تیریی خۆماڵییان بە چاوە هێنا، فەرموون: ئەوە هەتا شیوی ئێوارە پێدەگات، فەرموون نۆشی گیانتان بێ، ئاهمان پێدا هاتەوە.

ئێوارەش شیویان هێنا، پڵاوێکی جوان بە برنجی سەدری و شلەی کنگر بە بامی و دوو سێ رێز چای بەدواوە هات، کاك ئەکرەم ویستی ئاگاداری رۆشنبیرانی شارەکە بکات، سەردانمان بکەن.

: با ئەوە بۆ سبەینێ بمێنێ، بڕوا بکە بە درێژایی چەند رۆژە تاکە سەعاتێ خەو نەچۆتە چاوەکانمان.

ماڵیان ئاوابێ هەریەکەو دەستە نوینێکی جوان و خاوێنیان بۆ راخستین و لێمان گەڕان خەوی خۆمان بکەین، ئێمەش هەر سەرنانە سەر سەرین و خەو لێکەوتنمان یەك بوو، ماڵیان ئاوابێ.

**کەوتینەوە رێ، کاتێ گەیشتینە نزیکی مەرزەکەی بانە، تاریکی کردو بارانیش کەوتەوە لێزمەو تۆفی کرد. ئەو شەوەمان لە ناو پاسەکە بەسەربرد، ئیدی بۆ رۆژی دوایی لەیەکدی دابڕبووین**

**کابرای هێنا یەکترمان ناسی، کاك عەبدوڵڵای کوڕی خوالێخۆشبوو (عەبدولقادری دەباغ) بوو کە بەری ماوەیەک هاوسەرەکەی لە (سەقز)ـەوە هاتبوو، ئێمە میوانداریمان کردبوو، ئەو پیاوە ماریفەت و چاکەی نواندو ویستی بمانخاتە نێو ئەو پاسانەوە، بەڵام هەڵپەو لێشاوی خەڵکەکە رێگای نەدەدا**



شایی عوسمان:

# بۆ ئەوەی دڵی باوکم نەشکێت پێموت حەز دەکەم ببم بە دکتۆر

**شایی عوسمان لەدایکبووی شاری سلێمانییەو خوێندەڤانی پۆلی دوانزەی ئامادەییەو لەبوارەکانی فۆتۆمۆدێل وفاشیۆن و ڕێکلام کاردەکات، وەک ئەکتەریش بەشداری فیلمی (بازاڕی کۆنەفرۆشان)ی دەرهێنەر(لوقمان غەریب)ی کردووە، سەرەتا وەک کۆمبارس لە دراماکانی شەوانی ڕەمەزانی کوردسات دەرکەوت. لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**ئا/ زیاد کەریم**

*** منداڵیت چۆن بووە؟**

- وەك دایکم باسی دەکات، منداڵێکی پاك و خاوێن و زۆر فەقیر بووم، بەڵام ئێستا وانیم زۆر عەجوولم.

*** عەجولییەکەت بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- حەز دەکەم دەست بدەم لەهەموو شتێ، لەهەموو شتێك بزانم، بۆ نموونە ئەو پەرداخە بۆچی ئاوا دانراوە، بۆیە عەجوولییەکەم دەگەڕێتەوە بۆ حەزی زانینەکانم.

*** دەگوترێ باوکی کۆچکردووت حەزی دەکرد ببی بە دکتۆر، تۆش حەزت دەکرد ببی بە پەرلەمانتار، ئەوە تا چەند راستە؟**

- ئێستەش بیرم دێت بە منداڵی لەتەنیشت خۆیا دایدەنیشاندم و دەیگوت: شایی رۆژێك دێت تۆ دەبی بە دکتۆر، حەزت لە دکتۆری هەیە؟ ئەو کاتەش دەمزانی دڵشکان چییە، لەبەر ئەوەی دڵی نەشکێ، دەموت بەڵێ باوکە حەزم لێیە، بەس هیچ کاتێك حەزم لەدکتۆری نەبووە، هەمیشە حەزم لێ بووە ببم بە پەرلەمانتار، لە ئێستاشدا هیچیان بەدی نەهاتووە، دوور لە هەردووکیان، کاری هونەریم هەڵبژارد، بەڵام دەتوانم لەئایندە یەکێکیان بەدەست بێنم.

***جگە لەهونەر، یاریزانێکی باشی یاری باله بوویت، بۆچی باله؟**

- نازانم شتەکانی ژیانی من زۆربەی ڕێکەوتە، ڕێکەوتە لەو بوارەدا باش بووم، نازانم بەس تۆپم خۆش دەوێ، تۆپ و کامێرا ئەو دوو شتە بێ هەستەن کەوا هەمیشە لەدڵمدان، کامێراو تۆپ دوو شتن کە قسەت بۆ ناکەن، بێ هەستن، بەڵام خۆشەویستییەکی زۆریان هەیە لای من .

*** بەمنداڵی گۆرانیت وتووە، بۆ وەك گۆرانیبێژێك دەرنەکەوتی؟**

- ئیستاش زۆر حەزم لە گۆرانیوتنە، بەڵام هەرکاتێ کە گۆرانیم وتووە، وتوویانە ماشەڵا دەنگت زۆر ناخۆشە.

*** یەکەم دەرکەوتنت لەدراما بە کۆمبارس بوو؟**

- بەڵێ، لەکۆمبارسەوە دەستم پێکرد، لەشەوانی رەمەزان کە لە کوردسات پێشکەش دەکرا. ئەو کات سەرەتای کارکردنم بوو، رۆڵی سەرەکییان پێ نەدام.

*** یەکەم فیلم کە بەشداریت تێدا کرد(بازاڕی کۆنەفرۆشان) بوو، کە هێشتا نمایش نەکراوە، رۆڵی کچێکی هارو هاجت بینیوە بەناوی ڕێزان، کە هاوکاریی کەسێك دەکەی تا بگا بە خۆشەویستەکەی؟**

- راستە وایە، سەرەتا کاك (لوقمان غەریب)ی دەرهێنەر، پێوەندی پێوەکردم و وتی: فیلمێکم هەیە ئەمەوێ بەشداربیت. کاتێ دەقەکەی پێدام، وتی: ڕێزان کارەکتەری تۆیە، کاتێ خوێندمەوە بینیم ڕێزان کارەکتەرێکی هاروهاجە، زۆر خۆشحاڵ بووم، راستە دەرکەوتنم زۆر نەبوو، بەڵام بەناو و کارەکتەرەکە خۆشحاڵ بووم، چونکە خۆم زۆر سەرسامم بە(ڕێزان

فەرەج)ی ئەکتەر، زۆر جوان ئەدا دەکات، زۆر زۆر موعجیبیم، کاتی کەوای پێ وتم، زۆرم پێ خۆش بوو، چونکە وتم لەیەکەم دەرکەوتنم ئەو رۆڵەم پێ بدرێ، ئەوە رێك کەسایەتی منە.

*** حەز دەکەی لەمەودوا بە ڕێزان بانگت بکەن؟**

- بۆ نا، بەخۆشحاڵییەوە، لەوانەیە ڕێزان ببێ بەنازناوی من.

*** دوای نواندن، فۆتۆمۆدێل و فاشیۆن هاتنەپێش، کامەیان پێش کامەیان بوون؟**

- دەتوانم بڵێم هەردووکیان بەیەکەوە بوو، چونکە تا فۆتۆمۆدێلم نەکرد، نەمتوانی فاشن بم، فۆتۆمۆدێلیش هەر بەرێکەوت بوو، رۆژێك فۆتۆگرافەرێکی بەرێز پێوەندی پێوەکردم، وتی: ئەمەوێ کاری مۆدێلم بۆ بکەی، وتم زۆر ئاساییە، بیرمە یەکەم مۆدێلم وەرزی زستان بوو، کەش زۆر ساردبوو، یەکەم مۆدێلم لەگەڵ کاك (بڕوا) کرد.

*** لە مۆدێلەکان شایی بە جلوبەرگی جیاواز دەردەکەوێت، رەنگە هەندێ کەس بەدڵیان نەبێ، ئایا رووبەڕووی کۆمێنتی ناخۆش نەبوویتەوە؟**

- بێگومان هەرکەسێك کە دەست بەکارێك دەکات، مەرج نییە هەموو کەسێك بەدڵی بێت، تا تۆش ئەو پەیامە دەگەیەنی و دەوروبەرت تێدەگەیەنی، کاتی دەوێت. بۆ من زۆر قورسە لەم کاتەدا بڵێم ئامانجم لەم فۆتۆ مۆدێلە ئەمەیە، دواتر نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، من ئافرەتم، لەکوردستانیش دەژیم، کە کۆمەڵێك شت بۆ من عەیبە، یان بڤەیە من دەستی لێبدەم.

*** فۆتۆمۆدێلەکانت لەچاوی بینەر چۆن دەخوێندرێتەوە؟**

- بێگومان بوون بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان زۆریان بەدڵە، بەشی دووەمیشیان پێیان ناخۆشە کەمن ئەو کارە دەکەم، چونکە کە وتت فۆتۆ مۆدێل دەبێ ئەو کەسە ئامادەیی تیا بێ هەموو جۆرە جلێك لەبەر بکات، یان هەندێ سەفەر هەیە، دەبێت بیکات، بۆ نموونە سەفەری دەرەوەی وڵات، ئەوەش تاڕادەیەك لە کۆمەڵگەی کوردی قبووڵ ناکرێت.

*** یەکەم کەسیت لەکوردستان کە فۆتۆمۆدێلت بەجلی بووکێنییەوە کردووە، لەکاتێکدا هاوسەرگیریت نەکردووە، ئەمە چۆن بوو؟**

- ڕاستە، من یەکەم کچم کە فۆتۆمۆدێلێکم بە جلی بوکەوە کردووە لەگەڵ کاکە ئەیاد کە رۆڵی زاوای دەبینی، شەوێکیان دانیشتبووم لە ئینستگرام سەیری فۆتۆم دەکرد، لەپڕێکا بووکێکم بینی زۆر جوان بوو، یەکسەر مەسجم بۆ کاك بیرەوەری فۆتۆگراف کرد، وتم دەمەوێ فۆتۆی جلی بووك بکەم، ئەویش پێی باش بوو، سەرکەوتووش بووم.

***بەنیازبووی بەشداری پێشبڕکێی شاجوانی کوردستان بکەیت، بۆ نەتکرد؟**

- دایکم زۆر حەزی دەکرد کە بەشدار بم زیاد لەپێویست، نازانم دڵی خەبەری دابوو کە دەنگەکان بەدەست دێنم، من ناڵێم جوانم، بەڵام دواجارا هەموو کچێك خاوەنی جوانییەکی تایبەت بەخۆیەتی، پێویستە ئەو کەسە گرنگیی پێبدا، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر، هیچ کەسێك دروستکەری روخساری خۆی نییە، منیش ئەم فەیس و روخسارەم هەیە کە خوای گەورە پێی بەخشیوم، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەر هەشت خاڵەکەی شاجوانی لەمندا هەبوو، دەمویست خۆم کاندید بکەم، بەڵام هەستێك پێی وتم کە ئەوە نەکەم، تێناگەم نازانم ئەوە چی بوو.

***ئەی بۆ ساڵی ئایندە؟**

- بۆ ساڵی ئایندە دەمەوێ بەشداری بکەم، دەریش نەچم کێشەم نییە، بەس لەبەردڵی دایکم ئەگەر ماین و نەمردین بەشدار دەبم.

*** دەرهێنەرێکی فارس داوای لێکردی رۆڵی سەرەکیی لە فیلمێکی ئەودا ببینی، بۆ رەتت کردەوە؟**

- کە پێی وتم، وامزانی وێنەی لۆکەیشنەکانی لێرە دەگیرێت، کە وتی لە تارانە وتم داوای لێبووردن دەکەم، ناتوانم.





# سونام کاپور
# بە لێدوانێک شارۆخان سەرسام دەکات

خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆلیۆد سۆنام کاپور لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ گۆڤاری (فیلم فیر) چەند لێدوانێکی سەیر و سەرسامی دا دەربارەی ئەو ئەکتەرەی کە ئامادە نەبووە بە هیچ شێوەیەك کاری لەگەڵدا بکات و لە کارێکی هاوبەشدا شان بە شانی رۆڵ ببینێت.

زۆر بە جورئەتەوە رایگەیاند کەشارۆخانی ئەستێرەی ناسراوی بۆلیۆد بە هیچ شێوەیەکی ئامادە نەبووە لەگەڵیدا بەشداری کارێکی هونەری بکات، هەرچەندە تا ئێستا دەرفەتەکانی کارکردنیان بەیەکەوە زۆر بوون، لەم بارەیەوە وتی: من لەو باوەڕەدا نیم شارۆخان حەز بکات لەگەڵ مندا کار بکات، پێشتر دەرفەتی زۆرمان هەبوو کە بە یەکەوە کار بکەین و منیش زۆرم حەز بە یەکەوە کار بکەین، بەڵام نازانم هۆکاری ئەم رەت کردنەوەی چییە.

سۆنام زیاتر لەم بارەیەوە وتی: شارۆخان پاشای بۆلیۆدە و خۆیشی بڕیار دەدات لەگەڵ کێ کار بکات، یان رەتی بکاتی، بەڵام من تا ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە.

شایەنی باسە سۆنام کاپور پێشتر لەگەڵ هەریەکە لە سەلمان خان کاری کردووە لە یەکەم دەرکەوتنی لە سینەمادا ئەویش فیلمی (ساواریا) بوو .



# براد بیت تووشی
# نەخۆشییەکی دەگمەن و مەترسیدار دەبێت

چەند سەرچاوەیەکی هونەریی جیهانی رایانگەیاند کە براد بێتی ئەستێرەی سینەمایی دووچاری نەخۆشییەکی گوێزەرەوەو دەگمەن بوو، بۆ ئەم مەبەستەش ماوەیەك بەردەوام سەردانی یەکێك لە پزیشکە پسپۆڕە ناودارەکانی نەخۆشییە گوازراوەکانی بیفرلی هێلز دەکات و ترسی ئەوەی هەیە نەخۆشییەکە ترسناك بێت و مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیانی دروست بکات.

سەرچاوە ئەوەشی راگەیاند کە چەندین رۆژ لەسەر یەك براد بێت گەیشتۆتە باڵەخانەی نەخۆشخانەی پزیشکە پسپۆڕەکە بەر لەوەی کارمەندانی پێشوازی ئامادە بن و پێشوازی لە نەخۆش بکەن، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوە بووە کە هیچ کەسێك نەیبینێت و هەواڵی نەخۆشییەکەی بڵاوبێتەوە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە لە ئەنجلینا جۆلی جیابۆتەوە و لە جەنگێکی یاساییدایە بۆ گرتنە ئەستۆی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان.

هەمان سەرچاوە ئەوەشی راگەیاند کە رۆژێکیان براد زۆر زوو لە نەخۆشخانە ئامادەبوو هێشتا دەرگاکانی نەکرابوونەوە بۆیە ناچار بوو لە ئۆتۆمبیلەکەیدا چاوەڕێ بکات تا ئەوە کاتەی پاسەوانەکە هات بۆیە لەگەڵ پاسەوانەکە چاوەڕێی هاتنی پزیشك و کارمەندانی کرد، لەلایەکی دیکەوە کەسێکی نزیك لە براد و ئەنجلینا رایگەیاند بە درێژایی ژیانی هاوسەرێتیان براد توند نەبووە، بەڵام زۆر جار ئەنجلینا هەرەشەی لێدەکرد و پێدەگوت: لێت دەدەم تا دەتکوژم.



## نەسلیهان ئەتاگول:

# ئەو ڕۆڵانەی دەیانبینم ڕەنگدانەوەی کەسایەتی منن

زۆر لە ڕەخنەگرانی بواری نواندن لە وڵاتی تورکیا لەسەر ئەوە کۆکن کە نەسلیهان ئەتاگولی ئەستێرەی درامای تورکی یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە لە داهاتوودا دەبێتە ئەستێرەیەکی بێ ڕکابەر لە نێو ئەستێرەکانی نواندن لەو وڵاتە ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە تەمەنێکی زوودا هاتۆتە نێو بوارەکەو چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە و خاوەن جوانییەکی سروشتییە ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ڕۆڵەکانیدا سەرکەوتووە.

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (سیدتی) نەسلیهان دەڵێ: لە تەمەنی هەشتساڵییەوە من عاشقی نواندن بووم و هەمیشە بە دایك و باوکم دەگوت من دەبم بە ئەکتەر، لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا دایکم منی بردە ئاژانسێك کە تایبەت بوو بە دۆزینەوەی ئەو کەسانەی دەیانەوێ بێنە نێو بواری نواندنەوە و لە یەکەم چاوپێکەوتندا وەرگیرام و ڕۆڵێکم پێ سپێردرا لە زنجیرەی (الأوراق المتساقگە) و توانیم تێیدا سەرکەوتوو بم.

سەبارەت بە کاریگەری ژیانی ئاسایی لەگەڵ ئەو ڕۆڵانەی کە دەیبینێت نەسلیهان دەڵێ: ڕۆڵەکانم ٩٩٪ ڕەنگدانەوەی کەسایەتی منن، چونکە من کەسێکم ژیانم خۆشدەوێ و حەز دەکەم هەمیشە ئاسوودە بم، بۆیە سروشتی ژیانی خۆم دەخەمە نێو ڕۆڵی ئەو کەسایەتییەی کە پێم دەسپێردرێ ئەمەش بۆ سەرکەوتنی کارەکەی، ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەو خۆشەویستییەی کە جەماوەر بۆ ڕۆڵەکانی من هەیانە.

سەبارەت بە دابەشکردنی کاتی خۆیشی دەڵێ: من کاتم زۆر کەمە، بەڵام لە پشووی هەفتانە و ساڵانەدا هەوڵ دەدەن زۆرترین کات لەماڵەوە بم و گوێ لە گۆرانی بگرم و وەرزش ئەنجام بدەم، هەروەها حەز دەکەم ئەگەر کاتم هەبێت کتێبیش بخوێنمەوە.